Article

IJOKS

International Journal of Kurdish Studies
(ISSN:2149-2751)
4 (2), pp. 350–364
http://www.ijoks.com

# The concept of lifestyle: Theoretical Study

***Abdullah Kurshid Abdullah***[1] ***Shahlaa Wali Jabbar***[2]

**Received**: Feb 05, 2018 **Reviewed**: Mar 08, 2018 **Accepted**: Mar 15, 2018

## Abstract

This paper tries to investigate lifestyle concept, as lifestyle has been a hot topic to research on by sociologists, psychologists, anthropologists and medical experts due to its important role on the social, cultural, psychological and political aspects of life. The different experts have studied the concept in a different lens; this academic effort looks at it sociologically. The concept occurred in the modern era that includes the variables of social classes, options, and individual behaviors, in which led identity creation. Moreover, it also discusses modernity and its era, such as; development, mass production equipment, technology and increasing social, cultural and symbolic capitals. Those interrelated concepts led to have a different lifestyle and identity.

**Keywords:** Lifestyle, Modernity, Distinction, Consumption, Social Class

**Recommended citation:**
Abdullah A. K. & Jabbar S. W. (2018). The concept of lifestyle: Theoretical Study. *International Journal of Kurdish Studies* 4 (2), 350–364. doi: **10.21600/ ijoks.454453**

[1]Assc. Prof. Dr., Social Organization, Salahaddin University, College of Art, Sociology, Erbil, Iraq. E-mail: abdullah.abdullah@su.edu.krd
[2]Ph.D Student and Lecturer, Urban Sociology, Salahaddin University, College of Art, Sociology, Erbil, Iraq, E-mail: shahlaa.jabbar@su.edu.krd

# چەمکی شێوازی ژیان(توێژینەوەیەکی تیۆرییە)[3]

پ.د.عبدالله خورشید

م. شهلاء ولی جبار

**پوختە**

بابەتی سەرەکی و جێگەی سەرنج لەم توێژینەوەیەدا، شێوازی ژیانە . بایەخی شێوازی ژیان لە بواری کۆمەڵایەتی، کولتووری، دەروونی و سیاسی، کۆمەڵێک ئەنجامی گرنگ و سەرەکی لێ کەوتووەتەوە و بووەتە جێی تێڕامان و تێبینی زانایانی بوارە جیاوازەکان، هەر لەسەر ئەم بنەمایە، هزرڤانانی بوارە جیاوازەکانی وەک : کۆمەڵناسی، دەروونناسی، مرۆڤناسی،پزیشکی و هتد، هەریەکەیان لە جیهاندیدی خۆیەوە توێژینەوە لەبارەی ئەم بابەتە دەکات. ئەم چەمکە بەرهەمی جیهانی مۆدێرنە، کە تێیدا گۆڕاوە بنەڕەتییەکانی وەک: چینی کۆمەڵایەتی، بژاردەکان و ئەو رەفتارانەی لەسەر بنەمای مەیل و خواست ئەنجامدەدرێن، کە بە بنەمای دروستبوونی ناسنامە و بوونی تاکێتی هەژمار دەکرێن . دنیای مۆدێرن و ئەو تایبەتمەندییانەی پێیان دەناسرێتەوە و ئەو گۆڕانانەی بەسەریدا دێن وک : پەرەسەندن و بەربڵاوبونی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، تەکنۆلۆژی و زیادبوونی سەرمایەکانی (کۆمەڵایەتی، کولتووری و هێمایی )، دواجار دەستەبەربوونی ئەم رەگەزانە، کاریگەرییەکی بەرفر اوان و گومان هەڵنەگری هەیە لە پێکهێنانی شێوازە جیاوازەکانی ژیان و دروستکردنی ناسنامەی گونجاو و تەبا لەگەڵ شێوازە ژیانێکی دیاریکراو.

کلیلەکانی توێژینەوە: شێوازی ژیان، مۆدێرنە، جیاوازی، بەکاربردن، چینی کۆمەڵایەتی.

## پێشەکی

کاتێک واقیعی کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەرد ادێت، پێویستمان بە چەمکگەلی نوێ دەبێت بۆ تێگەیشتن لەو گۆڕانانی ڕوودەدەن. بەکارهێنانی چەمکی شێوازی ژیان هاوشان لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بەر لە جەنگی جیهانیی دووەم، چەمکی شێوازی ژیان هێندە جێی بایەخ نەبوو و زۆربەی کات ب ە (شێوازی ژیان) ناوی نەدەهێنرا . ئیتر، لە پاش جەنگی جیهانیی دووەم و لەگەڵ پەرەسەندنی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەران و بەشێوەیەکی پراکتیکی؛ دەرفەتی رەخساندن بۆ بەرهەمهێنان و بەکاربردنی شمەک و کاڵا و بەرهەمەکان. ئەمە بووە هۆی ئەوەی شێوازەکانی ژیان جۆراوجۆرییەکی زۆر بەخۆیانەوە ببینن هەروەها گەشەسەندنی ئابووری، بە ئامێربوونی کار، بەرزبوونەوەی ئاستی مووچە و پەرەسەندن و بەرفراوانبوونی ئامرازەکانی خۆشگوزەرانی و سەفەرکردن لەکاتی پشووەکان، ئەمانە جیاوازییەکانی نێوان گرووپە مرۆییەکانی زیاتر کرد.

بە دەستەواژەیەکی دیکە، هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو تەنها دەیتوانی لەڕێگەی ئەو جۆراوجۆرییەی، کە لەهەڵبژاردنی پیشە، شوێنی نیشتەجێبوون، خانوو، پۆشاکیان، حەز و ویستی هونەری و جوانی ناسییەکان، هەڵبژاردنی سەرگەرمییەکانیان و شێوەی تێپەڕاندنی کاتەکانی دەستبەتاڵی و پشوەکان، تەنانەت شێوازەکرداری و ئەخلاقی و ئاینییەکان، کە لە کۆمەڵگەدا دەیگرنە بەر، خۆیان لەگرووپەکامی دیکە جیابکەنەوە . چەند بەڵگەیەک لەبەر دەستدابوون ئەوەی بەدیارخست، کە چیتر بیرکردنەوە و رەفتاری تاکەکان لەسەر بنەمای پێگە و پلە وپایەیان لەنێو سستمی بەرهەمهێناندا نییە (فاضلی،١٣٨٢، ٦٢). لەم ساتە وەختە بەدواوە چەمکی شێوازی ژیان لەواتا نوێکەیدا خرایەڕوو . کەسانێک، کە لە کۆمەڵگەی مۆدێرن دەژین بۆ وەسفکردنی کردار و چالاکییەکانی خۆیان و ئەوانیتر وەک شێوازی ژیان

[3] _ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە تێزی دکتۆرا بەناونیشانی(شێوازی ژیان لە شارە نوێکانی نیشتەجێبوون-توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر)، بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆری یاردەدەر دکتۆر (عبدالله خورشید)، وەک مەرجێک بەر لە تەواوکردنی تێزەکە دەبێت بڵآوبکرێتەوە.

بەکاریدەهێنن. شێوازەکانی ژیان سەرچاوەی کارێکن، کە خ ەڵکی لەیەکتر جیاواز دەکەنەوە، کەواتە شێوازەکانی ژیان یارمەتیدەرن تاکو ئەو شتانەی خەڵکی ئەنجامی دەدەن و هۆکارەکەی و لەو واتا و ئاماژانەی بۆ ئەوان و کەسانی دیکە هەیانە، تێبگەین. لە هەموو لقە زانستییە جیاوازەکاندا (لە نێویشیاندا کۆمەڵناسی) هەندێک چەمک و دەستەواژە هەن، کە لەسەردەمێکدا بەکاردەهێنرێن و توانای روونکردنەوە و شرۆڤەکردنی دیاردەکانیان هەیە، بەڵام هەر ئەم چەمک و دەستەواژانەشە کە لەگەڵ گۆڕان و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا، بەهاو بایەخی خۆیان لەدەست دەدەن، چینە کۆمەڵایەتیەکان بە چەمکەکانی بواری کۆمەڵناسی هەژمار دەکرێن، کە ئێستا پێگەی رابردوویان نەماوە و چەمکگەلی وەک شێوازی ژیان و بەکاربردن بوون بە جێگرەوەیان.

چەمکی شێوازی ژیان گشتگیر و هەمەلایەنە و زەمینەیەکی بەرفراوانتری هەیە . بەشێوەیەکی گشتی ئەم چەمکە نموونەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، سەرگەرمی، بەکاربرد ن، مۆدە و پۆشینی پۆشاک دەگرێتەوە، تەنانەت تێڕوانین و بەهاکان و جیهان بینی تاک و گرووپەکانیش لەخۆ دەگرێت و بەشێکی ئەمانەش بەرجەستە دەکات Bocock,and (Thompson,1992; Evanse, & Jackson, 2007ئەوەی لەگەڵ شێوازی ژیاندا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و دانەبڕاوی هەیە، (بەکاربردن)ە. لەراستیدا قسەکردن لەسەر شێوازی ژیان لە کۆمەڵگەیەکدا پڕ بایەخ و جێی مشتومڕە کە بەکاربردن و کولتووری بەکاربردنی تێدا بەربڵاو بێت . بەکاربردن لە کۆمەڵگەیەکدا زۆر بەزەقی دەردەکەوێت کە تێیدا کەلوپەلی مادیی زۆر بەبەربڵاوی تێیدا هەبێت؛ - بەکاربردن دیاردە یەکە لەم سەردەمەدا زۆر بەرچاو دەکەوێت . بەهەمانشێوە کە (بۆدریار)یش لەوباوەڕەدایە "لەم رۆژگارەدا بەڵگەگەلێکی زۆر بەرچاو دەکەون لەبارەی بەرفراوانی بەکاربردن، جۆراوجۆری کەلوپەلەکان، خزمەتگوزارییەکان، کەرستە مادییەکان، کە دەربڕی ئاراستەیەکی بنەڕەتییە لە(ئیکۆلۆژی) مرۆڤ". بەواتایەکی دیکە "تاکەکان لە ژیانی خۆیاندا هێندەی لەگەڵ کەلوپەلەکانیاندا لە پەیوەندیدان هێندە لەگەڵ مرۆڤەکاندا پەیوەندییان نییە و سەرنج دەدرێت، کە تاکەکان زیاتر بە کەلوپەلەکانەوە دەورە دراون"( Baudrillard, 2016). ئەمرۆکە پێداویستیەکان و حەز و ویستی خەڵکی زیاتر لە ریگەی کڕینی کەلوپەل و شمەکە جیاوازەکانەوە دێنە دی و بەو شێوەیەی کەوا دەردەکەوێت، تاکەکان بە رەفتارگەلێک، کە تێچووی تایبەت بەخۆی هەیە، شێوازێکی ژیانی تایبەت دەگرنەبەر.

زۆرێک لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بە بەکارهێنانی هۆکارگەلێکی جیاوازی وەک : بەکاربردن، بەرهەمهێنان، دووبارە بەرهەمهێنانەوەی چالاکییەکان، ئەوا ناسنامەی کۆمەڵایەتیی خۆیان دیاری دەکەن (Wyn et al,1997). کەواتە دروستکردنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی لێکەوتەیەکی یەک لایەنە نییە و تەنیا سنووردار نییە بە پێکهاتە و بنیادە کۆمەڵایەتیەکانەوە، بەڵکو لەم دواییەدا، شێوازی ژیان (رەفتار و هەڵبژاردنەکان، بەکاربردن) گرنگییەکی زۆری هەیە و بە بنچینەی پێکهاتن و دروستبوونی ناسنامەی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدرێن . ( Bourdieu,1984 ). بەواتایەکی دیکە، رووکاری نوێی ئەو ناسنامە کۆمەڵایەتییانەی پەیوەستن بە بەکاربردنەوە، بە لەبەرچاوگرتنی چەند تایبەتمەندییەک فۆرمەلە دەبێت، کە ئێستا بە بەشێکی سەرەکی و بنەڕەتی ئەو دیاردانە هەژمار دەکرێن، کە پەیوەستن بە شێوازی ژیانەوە (چاوشیان، ١٣٨١، ١٠).

شایانی ئاماژە بۆکردنە، لەمیانەی شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی چەمکی شێوازی ژیانەوە دەتوانرێت تێروانینەکان، یاساکان، بەها شاراوەکانی نێو هزر، باوەڕ و کردارەکانی تاک بەئاگا بین و لەو ئاراستە و نموونانەی هەن یان دێنە ئاراوە، شرۆڤە و وێنایەکی راستەقینەتر بخەینەروو . شێوازی ژیان ئامراز و کەرستەیەکی ئەزموونی ووردە بۆ درککردن و تێگەیشتن لە واقیع . (حاجیانی، ١٣٨٦) هەروەها هەر بەرنامە و بریاردانێک لەرووی کۆمەڵایەتییەوە _لە ژیانی رۆژانەدا_ پەیوەستە بە شێوازی ژیانی تاکەکانەوە.( Chaney, 2002 ).

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت لە چەند تەوەرێکدا تێگەیشتنێکی کۆمەڵناسانە بۆ چەمکی شێوازی ژیان بخرێتە روو هەروەها مێژووی بەکارە ێنانی ئەم چەمکە لە کایە زانستییە جیاوازەکان بەگشتی لە نێو تیۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بەتایبەتی، تیشکیان دەخرێتەسەر.

**یەکەم: پەرەسەندنی چەمکی شێوازی ژیان**

بنەچەی زانستی شێوازی ژیان هەمەرەنگە، رەگوریشەی سەرەکی بۆ چەند زانستێک دەگەرێتەوە؛ کۆمەڵناسی، دەروونناسی، مرۆڤناسی و پزیشکی و هتد. ئەوە زۆر روون نییە کە بەتەواوەتی لە چ سەردەمانێکدا چەمکی شێوازی ژیان هاتوەتە نێو زانستە مرۆییەکانەوە، (ڤبلن)(Veblen )لە کتێبی (تیۆری چینی بەکاربەر)(١٨٩٩) لە توێژینەوەی دەربارەی بەکاربردن لە ئەمریکا، چەمکی شێوازی ژیانی بەکارنەهێنا و تەنانەت پێناسەیەکیشی لەبارەوە نەخستوەتە روو، بەڵکو بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ دەتوانرێت درک بەوە بکرێت کە ئەو شێوازە ژیانی چینی بەکاربەری بە هۆکار داناوە بۆ بەرجەستەکردنی پێگەکانیان (فاضلی،١٣٨٢، ٦٢). بەڵام بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٢٩) لە لایەن (ئەلفرێد ئادلەر)(Alfred Adler) دەروونناسی نەمسایی وەک بابەتێک لە توێژینەوەکانیدا شێوازی ژیانی بەکارهێناوە بۆ ئاماژەدان بە کەسایەتی راستەقینەی تاک، کە لەسەردەمی منداڵیدا ئەو کەسایەتییەی دروستەبێت و دواتر کۆنترۆڵی رەفتار و چالاکییەکانی دەکات. ئەگەرچی (جۆرج زیمڵ)(Georg Simmel)(١٨٥٨-١٩١٨) لە (فەلسەفەی پارە)دا کە لە ساڵی (١٩٠٠)دا بڵاوبۆوە و (ماکس ڤیبەر)(Max Weber) لە (ئابووری و کۆمەڵگە)(١٩٢٢)دا ئاماژەیان بە چەمکی شێوازی ژیان داوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانیان تاکو ساڵانی (١٩٤٦ و ١٩٦٠) وەرنەگێردرابوونە سەر زمانی ئینگلیزی، ئیتر ئاگاداری بەکارهێنانی ئەو چەمکە نەبووین لەلایەن ئەم دوو زانایەوە. لە دوای ئەم زانایانە، بیرمەندی دیکە لە گۆشەنیگای جیاواز بە توێژینەوە لە بابەتی شێوازی ژیان سەرقاڵبوون.

کاتێک ئەم چەمکە هاتە نێو ئەدەبیاتی کۆمەڵناسییەوە لە (١٩٢٠)، سەرەتا دەربڕ و ناسێنەری سەروەت و سامان و پێگە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی تاکەکان بووە و ئەم چەمکە وەک پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی چینی کۆمەڵایەتی باکاربراوە (چاوشیان، ١٣٨١). لەگەڵ دەسپێکی دەیەی (١٩٥٠) گۆڕانێکی تەواو بەسەر ئابووری ئەورووپادا هات ئاستی هەناردەیان بەرێژەیەکی بەرچاو زیادیکرد، ئەم بوژانەوە ئابوورییە بووە هۆی پەرەسەندن و باشبوونی بارودۆخی خەڵک و گۆڕانی رێژەی خواستی کڕینی نێودەوڵەتی و بەرزبوونەوەی بەکاربردن لە نێوخۆدا. دواجار ئەم رەوشە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبو لەسەر ژیانی خەڵک. لەم سەردەمەدا تێروانین بۆ شێوازی ژیان و بەکاربردن گۆڕ انێکی سەرتاپاگیریان بەسەردا هات. پێش ئەم سەردەمە، بەکاربردن لەپەیوەندیدا بە بەرهەمهێنان مانادار دەبوو و خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ بەکاربردن دەکرا، بەوپێیەش شێوازی ژیان لەسەر ئەو گریمانە سەرەکییە وەستابوو، کە بەکارهێنەران هاوکات بەرهەمهێنەریشن یان لانی کەم لەبەرهەمهێنانی شمەک و کاڵا مادییەکاندا رۆڵیان هەیە (Paterson,2006).لەراستیدا لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم، ئابووری نێو دەوڵەتی دوورکەوتەوە لە پشت بەستنی بە بەرهەمهێنان و وردە وردە روویکردە بەکاربردن، لەسەر ئەم بنەمایەش، بەکاربردن لەچاو بەرهەمهێنان گرنگییەکی زیا تری پەیدا کرد (Manolis,2001,228) و کولتوورێک، کە جەختی لەسەر کارکردنی سەخت و کۆکردنەوەی سامان دەکردەوە، ئێستا کار لەسەر بەکاربردن، چێژ و خۆسەلماندن(Self-Expression) دەکاتەوە (سیدمن، ١٣٨٨، ٣١٢).

بەکاربردن بە بەراورد بە بەرهەمهێنان و بنیادی کۆمەڵایەتی، کە لە بەرهەمهێنانەوە سەرچاوەی گرتووە، پانتاییەکی زۆر زیاتری هەیە، لەبەر ئەوەی بەکاربردن هەموو ئەو تاکانەی کە کاریش ناکەن دەگرێتەوە، وەک : لاوان،

بەتەمەنەکان، بێ کاران، ژنان، بەتایبەت کە لە ئابووری نوێدا بە جۆرێک لە جۆرەکان چاوەروانیان لێ ناکرێت بەرهەمهێنی ئابووری بن. بایەخدان و سەرنجدان لە شێوازی ژیان و بەکاربردن هێندە پەرەی سەندووە، ئێستا (چۆنیەتی بەکاربردن) گرنگترە تا (چ پێگەیەکت هەیە). شێوازی ژیان و بەکاربردن چیتر تەنیا دۆخێکی کۆمەڵایەتی- کولتووریی نین، بەڵکو بوونەتە پرۆسەیەک، کە لە ئاکامە کاریگەرەکانیان لەسەر کۆمەڵگە جیاوازەکان، دەتوانرێت درک بەهاتنە ئارای سەردەمێکی نوێ لە جیهاندا بکرێت . بەکاربردن بووەتە ئایینی کۆمەڵگەی مۆدێرن (Bocock,2008, 5). بەڵام (ریمر)(Reimer) دەیەی هەشتاکان بە دەسپێکی دووبارە گرنگیدان بە چەمکی شێوازی ژیان دەزانێت، بۆ ئەم مەبەستە چەند بەڵگەیەک دەخاتە روو :

١_ پرۆسەی بەرفراوانبوونی تاکایەتی، کەلەباروودۆخی ئاڵۆز و گۆرانی خێرای جیهان، مافی هەڵبژاردن و ئازادی و ئەنجامدانی چالاکییەکانی زیاتر بە تاکەکان و بەتایبەت بە لاوانی بەخشیوە.

٢_ گەشەسەندنی چینی ناوەند و خوێندەوارییی، کە بە ئاشکرا روویان کردووەت ە بەسەربردنی کاتەکانی دەستبەتاڵی و سەرگەرمی و بەکاربردن.

٣ _ زۆربوونی توێژینەوە ئەکادیمییەکانی پەیوەست بە پۆست مۆدێرنیزم، کە دەرکەوتنی بەهاکان، تێروانینەکان وشێوازی نوێی ژیان رۆڵێکی سەرەکییان تێیدا هەیە.

٤_ رۆڵی سەرەکی بەرهەمەکانی (بۆردیۆ) لەبارەت بەکاربردن و شێوازی ژیان باتایبەت کتێبە بەناوبانگەکەی (جیاوازی)(Reimer,1995)

دوور لەو مشتومرەی کە کاتی زندووبونەوەی چەمکی شێوازی ژیان تەواو کەیە، ئەوا دەتوانرێت ئاماژە بەو خاڵە بدرێت، کە لەگەڵ پەرەسەندنی کولتووری بەکاربردن، شێوازی ژیان جارێکی دیکە وەک چەمکێکی دەرخەری شرۆڤەی نوێ بۆ چینایەتی و جیاوازی کۆمەڵایەتی هاتە نێو ئەدەبیاتی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و زەمینەیەکی بەرفراوانی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان داگیرکرد.

زانایانی وەک (بۆردیۆ، گیدنز، فدرستون) بەشێوەیەکی نوێ و لە رەهەندێکی کۆمەڵایەتییانەوە سەرنجیان لە شێوازی ژ یان داوە، کە بە جێگرەوەی چینی کۆمەڵایەتییان دادەنا . هەندێکی دیکەی زانایان (باوەمن، لیوتارد ) لەوباوەرەدان، کە حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەسپێکی سەردەمی پۆست مۆدێرنە؛ کەواتە پێویستە شێوازی ژیان لەسەر بنەمای تیۆرەکانی پۆست مۆدیرنە شرۆڤە بکرێت. هەرچەندە (گیدنز) بەوپەرچی ئەم بۆچوونانەی داوەتەوە و پێیوایە ئێمە لەسەردەمی کۆتاییەکانی مۆدێرنەداین. هەروەها (لاش ویۆری) جەخت دەکاتەوە لەسەر بابەتی بەکاربردن و وەک بابەتی بەرجەستەی سەرمایەداری سەردەم لەقەڵەمی دەدات (Lash et al,1987,76) کەچی (لایۆن)یش لەو باوەرەدایە، سەردەمی پۆست مۆدێرنە، شێوازەکانی ژیان لەلایەکەوە زۆر فرەچەشنبووە و تاک بە بەردەوامی لە زەمینەی تایبەت و گشتیدا لە جووڵەیە و لالەیاکی ترەوە، خودی شێوازەکانی ژیانیش بەخێرایی گۆرانیان بەسەردا دێت (Gibbins and Reimer,1999). لەکۆتاییدا دەتوانرێت بگوترێت؛ سەردەمی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە پەیوەندییەکی توند و قوڵیان هەیە لەگەڵ چەمکەکانی (شێوازی ژیان و بەکاربردن).

**دووەم: چەمکی شێوازی ژیان**

شێوازی ژیان چەمکێکی تەمومژاوی و ئاڵۆزە (Blaxter 2004, P.5)، کۆمەڵێک راستی بابەتی لەخۆدەگرێت لەنێویشیاندا؛ شێوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، هەڵبژاردنی فورمێکی ژیانی تایبەت، بەسەربردنی کاتەکانی خۆشگوزەرانی (ترفیە)، بەکاربردن، ئاراستەی مۆدە و فاشنی جلوبەرگ، جۆر و چەندێتی خۆراک،

هەڵبژاردنی بەرنامەی تەلەفیزۆنی، سەلیقەی هونەریی و خوێندنەوە، بەهاکان، جیهانبینی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیی Bocock, and Thompson, 1992;Evanse and Jachson 2007; Featherstone 1991 )

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، چەمکی شێوازی ژیان لەلایەن (ڤیبلن، زیمێل، ڤیبەر )ەوە بەکارهاتووە؛ بۆ وەسفکردنی چینی کۆمەڵایەتی، واتە مەبەست لێی جیاوازی چینایەتی بوو، یانیش جیاوازی پێگە و سەرمایەی کولتووریی و ئابووری بوو (Heijs, et al., 2009; Miles 2001). پاشان؛ تێگەیشتنەکان سەبارەت بە شێوازی ژیان لە رەهەندە کۆمەڵناسییەکەیەوە گۆرانی بەسەرداهات و پێشکەوتنی بەخۆوە بینی، لەو بیرۆکەیەوە کە چەمکێکی جێگیر و نەگۆرە، هەروەها ئەو شێوازە ژیانەی کە چینی کۆمەڵا یەتی و پێگە دیاری دەکەن؛ بۆ چەمکێک، کە داینامیکترە . ( Bourdieu 1979; Arslan, 2011; Giddens 1991; Pisman, 2007). بەمپێیە؛ کۆمەڵناسی وا سەرنج لە شێوازی ژیان دەدات، کە دەکرێت بە تێپەڕبوونی کات مروونەتی زیاتری هەبێت هەروەها؛ لەم چەند دەیەی رابردوودا، پسپۆڕییە جیاوازەکانی کۆمەڵناسی هەوڵیانداوە _وەک لە توێژینەوەکانی پێشوودا دەردەکەوێت- تاوتوێی شێوازی ژیان بکەن لە چەندین بواری جیاوازی وەک : شارنشینی، تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان، کولتوور، چینی کۆمەڵایەتیی، ناسنامە، میدیا . هەروەها لەو راستیە سەرسوڕهێنەرانەی تر، کە پەیوەستن بە شێوازی ژیانەوە؛ بەکارهێنانی دوولایەنانەی ئەم چەمکەیە؛ جیاوازییە رەفتارییەکان _بەشداریکردن لە چالاکییە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکان، چینی کۆمەڵایەتی، پێوەرەکان و بەهاکان. (Filipcová. and Tokarski, 1989.)

لەسەر ئاستی تاکەکەسی، شێوازی ژیان ئاماژەیەکە بۆ گوز ارشتکردن لە خود، سەلیقەی کەسی و ناسنامەی تاکەکەسی. بەڵام؛ لەسەر ئاستی گرووپی، ئەم چەمکە ئاماژەیەکە بۆ بەباشتردانان، سەلیقەی هاوبەش و بەشداریکردن لە بژاردەیەکی دیاریکراو، کە بەشێوەیەکی سەرەکی رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر چۆنیەتی بەکاربردن و کوالیتی کاڵای بەکارهاتوو(Scheiner, et al., 2005. p.49). بەمپێیە ئەم شێوازە ژیانە، دەشێ جۆرێک لە وابەستەبوونی کۆمەڵایەتی لای ئەندامانی گرووپ دروستبکات سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو، هەروەها ببێ بە ئاوێنەیەک بۆ جیاوازیەکانی نێوان گرووپەکان، کە دواجار؛ شێوازی ژیانی تایبەت و جۆراو جۆر بە چین و گرووپە (ئێتنی، ئاینی، جێندەر )ییە دیاریکراوەکانی نێو کۆمەڵگە، بەدەربکەون.

لە کۆمەڵناسیدا، شێوازی ژیان بەزۆری ئەوە دەردەخات، کە ماناگەلێکە بۆ روونکردنەوەی سەلیقە و میکانیزمی رێکخستنی کۆمەڵایەتی نێوان گرووپەکان. کۆمەڵناسان ئەو فۆرمەی هەڵسوکەوتیان وەرگرتووە، کە بە توندی پەیوەستە بە بەکاربردنەوە ((Mohammadpur and Mahmoodi, 2016; Wilska, 2002; Miles 2001). ئەم چەمکە ئاماژەیەکە بۆ شێوازی کردە و فۆرمی کولتووری جیاواز، کە بەشێوەیەکی رێژەیی، جیاوازیەک لەنێوان خەڵکیدا دروست دەکات.( Turner, 2006).

لەوەی سەرەوە دەردەکەوێت؛ ئەم چەمکە هێندەی پەیوەستە بە چۆنیەتی و تەرزی گوارشتکردن لە شێوازی گشتی ژیانی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، کەمتر پەیوەستە و بایەخ بە خەسڵەتە تاکەکەسیەکان دەدات.

بۆردیۆ(Bourdieu)(١٩٧٩) تیۆرییەکی یەکگرتوی لەبارەی پێکهاتنی شێوازەکانی ژیان خستۆتەروو. هاوتا لەگەڵ ئەو مۆدێلەی ئەو پێشکەشی دەکات مەرجی دیاری رەوشی ژیان و بارودۆخی لەئارادابووی ژیان و پێگەی تاک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی هاتنەدی مەیلێکی تایبەت . مەیل لە دوو جۆر سستەم دێتە ئاراوە؛ سستمێک بۆ ریزبەندی کارەکان و سستمێک بۆ تێگەیشت ن و درکردن . ئەنجامی کۆتایی مامەڵەی ئەو دوو سستمە، شێوازی ژیانە . شێوازی ژیان هەمان کردار و کارانەیە، کە بەشێوەیەکی تایبەت ریزبەند کراون و بەرهەمی تێگەیشتن و درکردنی تایبەتن. شێوازی ژیان بەرهەمی هەڵبژاردنەکانی تاکەکانە، کە بوونەتە کردار و دەتوانرێت ببینرێن(فلضلی،٤٥،١٣٨٢)

لەم رووەوە؛ ژمارەیەک لە کۆمەڵناسان ڕێچکەی بۆردیۆیان گرتوە سەبارەت بەوەی شێوازی ژیان واتە؛ جیاوازی. بۆردیۆ هەوڵیداوە سەرنج بخاتە سەر ئەوەی چۆن لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا شێوازی ژیان و چینی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە بەستراونەتەوە!. ئەوە؛ ئەم فۆرمەی ژیان ە، جیاوازی لەنێوان هەندێک لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکات. هەروەها ئەم حاڵەتەی لەمیانەی باسکردن و شیکردنەوەی سەرمایە جیاوازەکانەوە بە بابەتی شێوازی ژیان و چینی کۆمەڵایەتی بەستوتەوە؛ وەک سەرمایەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و هێمایی و کولتووری (Ritzer, 2007, p15-30). ئەم حاڵەتە دوو لایەنەیە، واتە؛ کاتێک گرووپە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان لە گرووپەکانی دیکە جیادەکەنەوە، لەنێوخۆیاندا وابەستەییەکی کۆمەڵایەتییان دەبێت، کە ئەمە حاڵەتێکی ئەرێنییە، لەبەرامبەردا ئەم رەوشە بێ ئاکام نابێت، واتە؛ ئەم گرووپە جیاکراوانە لەبەرامب ەر گرووپەکانی تر، کە خۆیان لێ جیاکردوونەتەوە، وابەستە و یەکانگیریی کۆمەڵایەتییان، دەشێ لاواز ببێت. بەمپێیە هەندێک لە شێوازەکانی ژیان دەتوانن رەوایەتی کۆمەڵایەتی زیاتر بەدەسبهێنن لەسەر پشتی شێوازەکانی تری ژیان . بەم مانایە بێت؛ شێوازی ژیان پەیوەندییەکی توون د و تۆڵی هەیە بە بەشینەوەی ناهاوتایی سەرچاوە سیمبوڵی و سەرچاوەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا ( Heiman,et al., 2000; Turner, 2006 )

زێتر لەوەش، بوونی شێوازێکی ژیان – لای گرووپێکی کۆمەڵایەتی- پشت دەبەستێ بە نیشانەی کولتووریی دیاریکراو و توانایی بۆ دانانی سنوورەکان لەسەر بنەمای سەلیقە- ی ئەو گرووپانە- . لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو یاسا کولتوورییانەی کاردەکەن بۆ پێدانی رەوایەتی بەهەندێک لە شێوازەکانی ژیان؛ جێگیرنیین (Ritzer, 2000)، دەشێ بە تێپەربوونی کات و گۆڕانی شوێنی نیشتەجێبوون، ئەوانیش گۆرانیان بەسەردابێت . هەروەها، شێوازی ژیا ن هەمیشە ئاماژەیە بۆ رەهەندەکانی وەک : بەباشتردانان و پەسەندیی کولتووری و پەیوەندی هێمایی بە پێگەی کۆمەڵایەتییەوە ئاسانترد دەکات وەک پەیوەندی گرنگی نێوان چینی کۆمەڵایەتی و پێگەکەیان و گوزارشتکردن لەو پێگەییەیان لەمیانەی شێوازە ژیانی ماددی و کولتوورییانەوە، ئەمە بەروونی لە کارەکانی (بۆردیۆ)(Bourdieu ) (١٩٨٤)دا دەردەکەوێت. (Bell, 2016).

لە نەوەدەکانی سەدەی بیست و یەکدا و دوای کارەکانی ئەنتۆنی گیدنز سەبارەت بە مۆدێرنیتە و ناسنامە (١٩٩١)، ئاراستەیەک دروستبوو بەوەی خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ چەمکی شێوازی ژیان بکرێت، ب ەوەی ئاماژەیەکە بۆ پەرچە بەرهەمێک (a reflexive product). ئینجا؛ پاساویش بۆ ئەم تێروانینە ئەوەیە، کە شێوازی ژیان ئاماژە گەلێکی سیاسی دیاریکراوی هەیە و ناکرێت تەنیا لە چوارچێوەی کێبڕکێ و جیاوازی حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکان، کورتبکرێتەوە(Atkinson, 2007, p536)

لە کۆتاییدا، شێوازی ژیان ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک هەڵسوکەوتی جیاواز لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، لەوانەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەکاربردن، خۆشگوزەرانی و جلوبەرگ . بەمپێیە ئەمە تێکەڵەیەکە لە نەریت و رۆتینیاتی ئەنجامدانی شتەکان و کارڕایی ئەقڵبر، کە دەتوانرێت لە مومارەسەکردنی رەفتاری تاکەکاندا سەرنجیان لێ بدرێت وەک : پیشە، ئاستی خوێندەواری، تەمەن، رەگەز، چالاکییە خۆشگوزەرانەکان . هەروەها هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی یان گردبونەوەیەکی کۆمەڵایەتی وێکچوو؛ شێوازێکی ژیانی جیاکراوەیان هەیە، کە لە ئەنجامی مومارسەگەلێکی کۆمەڵا یەتی، رۆتینی رۆژانە، سەلیقە، سەرمایەی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوورییەوە پەیدا دەبن (Bourdieu, 1979,1984,1985).

کەواتە؛ دەتوانرێت شێوازی ژیان بە کۆمەڵێک لەو رەفتارانە بگوترێت، کە لەچوارچێوەی کات _شوێن دەچێتە قالبی ژیانی ڕۆژانەوە، جۆری پۆشاک، جۆری خۆراک، زاراوە و جۆری لایەنی تەندروستی و کاتەکانی دەسبەتاڵی . هەروەها ئەوە گوترا کە ئەم رەفتارە کولتووریانە، کاردەکەن و شێوازە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤەکان ملکەچی ئەو

پێکهاتانەیە لەوشوێنانەی مرۆڤەکان تێیاندا جێگیرن . بۆیە، چەمکی شێوازی ژیان؛ بەم تێگەیشتنەوە، پەیوەست ە بە چەند مەسەلەیەکی بەرفراوانەوە، کە گرێدراون بە ڕەوایەتی کۆمەڵایەتییەوە . بەڵام، ئەم چەمکە زیاتر جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی دەبێت چۆنایی لە کۆمەڵگەیەکی گۆڕاودا بژین؟.

**سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو سەبارەت بە شێوازی ژیان**

سەبارەت بە بابەتی شێوازی ژیان، ئەوا لە سەر ئاستی جیهان؛ لە دەیەی رابردودا، توێژینەوەی زۆر لەبارەیەوە ئەنجامدراون. هەندێک لەو توێژینەوانە(Walters 2006; Rossel 2008; Jensen 2009) جەختیان کردوەتەوە لەسەر تاوتوێکردنی تیۆریانەی چەمکی شێوازی ژیان و هەوڵدراوە پێناسەی بۆ بکرێت و کێشەکانی و ئاکامەکانی بخرێنە ڕوو؛ لەگەڵ تاوتوێکردن و شیکردنەوەی ئەو تەمومژاوییەی کە هەیەتی، لەبەر ئەوەی هەندێک لە توێژینەوکان گریمانەی ئەوە دەکەن؛ شێوازی ژیان هەم بنیادێکی شاراوە (مەعریفە، ئاراستە) و هەمیش بنیادێکی ئاشکرا (هەڵسوکەوتی ئاشکرا و ڕوون)ی هەیە(Vlekin Paauww et al. 1994). واتە دەشێ لەچوارچێوەی مەعریفەی تاکەکاندا درکی پێ بکرێت، بەهەمانشێوە بە ئاشکراش، دەکرێت بناسرێتەوە .هەندێک لە توێژەرانی دیکە ( Tomlinson,2003; Blokland and Eijk,2010; Pisman, et al.,2011; Petev, 2013; Tolonen,2013).هەوڵیانداوە پەیوەندی نێوان شێوازی ژیان و فاکتەرە جیاوازەکانی وەک : پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، تەمەن، جێندەر، ئامرازەکانی راگەیاندن، ناسنامە، شرۆڤە بکەن. هەروەها توێژینەوەیەکی زۆری ئەزموونکاری ئەنجامدراوە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان شێوازی ژیان و سستمی خۆراکی یان رەفتاری تاکەکەس، هەروەها هەڵسەنگاندی کاریگەری شێوازێکی دیاریکراوی ژیان لەسەر هەندێک لە بابەتەکانی وەک: نەخۆشی و تەندروستی ( Donoghoe et al. 1992; Milligan et al. 1997; Heiman et al. 2000; Galobardes et al. 2003; Estaji et al. 2006; Tol et al. 2011; Pakholok 2013; Chan and Leung 2014).

ئەمە لەکلتێکدا؛ هەندێک لە توێژینەوەکانی تر جەختیان لەسەر شێوازی ژیان کردووەتەوە وەک چەمکێکی فرە ڕەهەند و فۆکسیانکردوە لەسەر تەنها یەک ڕەهەند لەو ڕەهەندە جیاوازانەی شێوازی ژیان Mohammadpur and Mahmoodi, 2016; Wilska, 2002، ئەمان هەوڵیانداوە شێوازی ژیان بە ناسنامەوە ببەستنەوە. لەگەڵ ئەوەی کۆراییەکی تیۆریی لەنێوان توێژەراندا نییە سەبارەت بە جۆرەکانی شێوازی ژیان، کەچی پۆلێنکردنی شێوازی ژیان لەلایەن توێژەرانەوە مشتومڕی زۆر هەڵدەگرێت. هۆرتۆن و هانت(Horton and Hunt) (١٩٨٤) بۆ ئەو پۆلێن بەندییە بە پشتبەستن بە چینە کۆمەڵایەت یبە-ئابوورییە جیاوازەکان؛ سێ جۆری شێوازی ژیانیان دەستنیشان کردووە . بەڵام (میشێل)(Mitchell )(١٩٨٢) نۆ جۆری شێوازی ژیانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێک جیاکردوەتەوە . باربەرە (Barber)(١٩٩٦) شێوازی ژیانی پۆلێنکردوە بۆ دوو بەش؛ شێوازی ژیانی لۆکاڵی و شێوا زی ژیانی جیهانی. لەبەرامبەردا ریوسیچ و ئەوانی تر (Reusswig et al. (2006) لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر شێوازی ژیانی جیاکراوەی ئەمریکییانە، ئەوا (٦٠) جۆری لاوەکی لە شێوازی ژیانی ئەمریکایی جیاکردونەتەوە لەگەڵ نەریتی بەکاربردنی تایبەت بەو جۆرەی شێوازی ژیان، هەروەها ئاراستە سیاسییە تایبەتەکانیشی.

لەلایەکی ترەوە، کۆمەڵێک توێژینەوە ئەنجامدراوە بۆ شرۆڤەکردنی شێوازی ژیانی گرووپە دیاریکراوەکانی وەک: چینی کۆمەڵایەتی، گرووپە ئێتنی و ئایینییەکان، جێندەر ( Tomlinson,2003; Blokland and Eijk,2010; Pisman, et al.,2011; Petev, 2013).هەروەها، هەر یەک لە ( SSY,2006; Diepen and Musterd, 2009; Ge and Hokao, 2005; Cao, Maume and Jr,1993; Popkin, 1999; Fleischer, 2007) هەروەها (شصتی

و فلامکی، ٢٠٠٩) توێژینەوەیان لەبارەی شێوازی ژیان و هەڵبژاردنی یەکەی نیشتەجێبوون کردووە، بۆ ئەوەی دەریبخەن پەیوەندییەک هەیە لەنێوان شێوازی ژیان و ئەو یەکەیەی، کە خێزان تێیدا نیشتەجێ دەبێت، هەروەها ئەو یەکەی نیشتەجێبوونەی خێزان هەڵیدەبژێرێت تاوەکو تێیدا نیشتەجێبێت . هەروەها شێوازی ژیان لەپەیوەندیدا بە چینی کۆمەڵایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری نیشتەجێبووانی گەڕەکێکی دیاریکراو .

زێتر لەوە، چەندین توێژینەوەی بواری نیشتەجێبوون هەن؛ جەخت دەکەنەوە لەسەر گرنگی گۆڕاوی شێوازی ژیان لە توێژینەوەکانی تایبەت بە شوێنی نیشتەجێبوون، ئەم توێژینەوانە جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی چ کاتێک تاکەکان مەیلیان دەبێت بۆ نیشتەجێبوون لە گەڕەکێکی دیاریکراو، چ کاتێک، چ هەڵکەوتەیەک و چ دیزاینێکی شوێنی نیشتەجێبوون پەسەند دەکەن بۆ ئەوەی تێیدا بژین ( ÆRØ 2006; Fleischer 2007; Blokland and van Eijk 2010). هەروەها هەندێک لەو توێژینەوانە جەخت دەکەنەوە لەسەر نایەکسانی لە نێو فەزای کۆمەڵایەتییدا، کە دەیانبەستنەوە بە جۆرەکانی سەرمایە و شێوازی ژیانی سەردەمیانە، ئەمانە لەبەر ڕۆشنایی تیۆریای جیاوازی بۆردیۆوە بە تیشکخستنە سەر جۆرەکانی سەرمایەی (کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و هێمایی ) و بەکارهێنانی گریمانەکانی؛ هەوڵیانداوە تاوتوێی بابەتەکانی شێوازی ژیان و چینی کۆمەڵایەتی بکەن و بەستنەوەیان بە گەڕەکەکانی نیشتەجێبوونەوە.(Flemmen et. al. 2017; Blasius and Friedrichs,2008. هەروەها بەم دواییانە رووپێوێک لەسەر کۆمەڵگەی بەریتانی ئەنجامدراوە بۆ شیکردنەوەی چینی کۆمەڵایەتی و تیشکخستنە سەر لایەنی کولتووریی و بەستنەوەی بە شێوازی ژیانی خێزانی بەریتانییەوە، هەروەها هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی ئاست و پێگەی کۆمەڵایەتی خەڵک و جیاکردنەوەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان وەک چینی کۆمەڵایەتی و کولتووری (Savage et al. 2013 ) کەواتە؛ شێوازی ژیان دەکرێت وەک گۆڕاوێکی سەرەکی شان بە شانی گۆڕاوە سەرەکییەکانی دیکەی وەک دیمۆگرافیا، کۆمەڵایەتی، ئابووری، دەتوانێت دەستنیشانی دیاردەکان و خوێندنەوەی تایبەت بە شوێنی نیشتەجێبوون و یەکەی نیستەجێبوون بکات. بەمپێیە ئەگەری ئەوە هەیە و دەکرێت پێشبینی بۆ دیاردەکان و بەهاکان بکرێت لە داهاتوودا.

لە خستنەرووی توێژینەوەکانی سەرەوە دەردەکەوێت، کە زۆرن ئەو توێژینەوانەی هەوڵیانداوە لەبارەی شێوازی ژیانەوە شرۆڤە و لێکدانەو بکەن، هەروەها هەموویان جەخت دەکەنەوە لەسەر گرنگی و پڕبایەخی ئەم بابەتە لەنێو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا . لە تەک ئەمانەشدا، هەموویان هەڵیانداوە پێناسە بۆ ئەم جەمکە بکەن و بیبەستن بە بابەتی دیکەی ڕۆژەوە، وەک: چینی کۆمەڵایەتی، پێگە، ناسنامە، کولتوور، شوێنی نیشتەجێبوون و شار، تەندرووستی، ئابووری و بەکاربردن.

**چوارەم: پارادایمە تیۆرییەکانی شێوازی ژیان**

لە سەدەی رابردوودا بەتایبەت لە نیوەی کۆتییدا، بەکاربردن و هەڵبژاردنی شێوازی ژیان دووچاری گۆڕانێکی سەرتاپاگیربوو. لەم سەردەمەدا و لەگەڵ هەموو گۆرانە بەرفراوانە جیهانییەکاندا، کە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی خستووەتە ژێر کاریگەرییەوە، دەتوانرێت شێوازی ژیان وەک ئامرازێکی گونجاو بۆ درککردنی لەبەرچاو بگیرێت، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت گۆڕانە کۆمەڵایەتی و بەکاربردن بکرێنە جێگەی لێ ووردبوونەوە . هەروەها تیۆرگەلێکی جیاواز بێنە ئاراوە کە شێوازەکانی ژیان وەک دروستکەری ناسنامە دەتوانێت جیاوازی تاکەکان بخاتەروو . شێوازی ژیان چیتر نموونەیەکی سەپێنراو و زۆرملێ نییە، کە تاک پەسەندی کردبێت و لەو چوارچێوەیەدا هەڵسوکەوت بکات، ئێستا تاکەکانی سەر بەگرووپێکی دیاریکراو وەک کارتێکراو مامەڵە ناکەن، بەڵکو بە ئەنجامدانی چالاکییەکانیان لە هەوڵی دروستکردن و هەڵبژاردنی شێوازی نوێی ژیانن بەمەبەستی جیاوازی خستنە نێوان خۆیان و ئەوانی دیکەو پێکهێنانی ژیان و

ڕاسنامەیەکی نوێ.

کۆمەڵناس (تۆریستین ڤبلن)(Thorstein Veblen ) لەو باوەڕەدایە ئەندامانی چینی بەکاربەر بۆ دەستخستنی جیاوازی و پێگەی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگە، مشتومڕ وپێشبڕکێ دەکەن . ئەو سەروەت و سامانی ئەم چینە بە بنەمای سەرەکی جیا وازی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەوان دەزانێت . ئەم ماڵ و سامانەی چینی بەکاربەر، خەرجییەکی ڕواڵەتی هەیە و لەسەر ئەم بنەمایە، ئەندامانی ئەم چینە، پێگە و پلەو پایەی خۆیان بەکاردەهێنن، لەگەڵ ئەو بەکاربردنەی کە ئەنجامی دەدەن تەنیا بۆ خۆ دەرخستنە، هەم خۆیان و چینەکەیان ل ەوانی تر جیادەکەنەوە، هەمیش بۆ خۆیان بەهایەکی بەرزتر دادەنێن و شێوەی ڕەفتار و بەکارهێنان و بەکاربردن بە مۆدە دەسەپێنن بەسەر ئەوانی دیکەدا(Veblen,2007).لەبەرامبەردا (زیمڵ) بەکاربردن و جیاوازی کۆمەڵایەتی و مۆدە لەیەکتر جیادەکاتەوە، پێیوایە، مۆدێرنە و گۆڕانکارییەکانی، تاکایەتی و ناسنامەیەکی نوێیان بۆ تاک هێنایە ئاراوە، بەڵام ئەم تاکایەتییە لەنێو کۆتو بەندی کۆمەڵگەدایە. بەکاربردن و رووکردنە مۆدە فرەچەشنەکان یەکێکە لەو کەناڵانەی ڕزگاربوونی تاکە لەم کۆت و بەندانە (مۆدە و بەکاربردن کۆمەڵێک چالاکی بەدوای خۆیاندا دە هێنن، لەلایەکەوە ناسنامەیەکی نوێ بە تاک دەبەخشن و جێی پەسەندبیانە، لەلایەکی دیکەوە، جیاوازی چینەکانی لێ دەکەوێتەوە ). بەمشێوەیە گرووپێکی خەڵک، کە مۆدە و بەکاربردنیان هاوشێوە ویەکسانە، لەنێو خۆیاندا پەیوەندی و خاڵی لێکچوو دەدۆزنەوە، ئەوانی دیکە لە ڕێگەی مۆدە و چۆنیەتی بەکاربردنیان لە خۆیانی جیا دەکەنەوە. چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگەش مۆدە وەک هێمایەک بۆ خۆ جیاوازکردن لەوانی دیکە بەکاردەهێنن و بەلاساییکردنەوەی چینەکانی خوارخۆیان بۆ مۆدەکانی ئەوان، دووبارە مۆدە و شێوازی بەکاربردنی نوێ دێننە ئاراوە (Clemens,2000, 6)

بەڵام (ڤیبەر) بە پێچەوانەی (ڤبلن و زیمڵ )، ئەم چەمکی شێوازی ژیانی لا مەبەستە، ئەو ئەم چەمکە بەکاردەهێنێت بۆ جیاکردنەو و خوێندنەوەی چینایەتی و نایەکسانی کۆمەڵایەتی . (ڤیبەر) لە شیکردنەوەکانیدا بۆ چینی کۆمەڵایەتی، سەرەرای ڕۆڵی هۆکارە ئابوورییەکان، کە (مارکس) جەختی لەسەر کردووەتەوە، ئەم پێگەی کۆمەڵایەتی و حزبیشی بۆ زیادکردووە، ئەم سێ هۆکارە پێکەوە بە پشکدار دەزانێت بۆ نایەکسانی کۆمەڵایەتی (بندکیس، ١٣٨٢). هەروەها (ڤیبەر) کاتێک باسی شێوازی ژیان دەکات، لەچوارچێوەی گۆڕاوەکانی وەک (تەمەن، ڕەگەز، نەتەوە )وە شیکردنەوەکانی دەکات و پێیوایە کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لە هەڵبژاردنەکانی تاک لەوانەش شێوازی ژیانێکی دیاریکراو. هەروەها لەبارەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەوا پێیوایە گرووپەکان خاوەن ڕێز و ئابرۆی خۆیانن و شێوازی ژیانی تایبەت بەخۆیان هەیە و هەر بەپێی ئەم بنەمایەشە کە گرووپەکان لێک جیادەکرێنەوە . بەشێوەیەکی گشتی (ڤیبەر) لەوباوەڕەدایە(شێوازی ژیان پەیوەستە بە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و گرووپە جیاوازەکان شێوازی ژیانی جیاوازیان هەیە و خاڵی جیاوازیشیان لەو شتانەدایە کە بەکاریان دێنن و خەرجیان دەکەن(Frohlich et all, 1999, 23 ). هەروەها (گیدنز) لە هەوڵێکی بۆ دەربازبوون لە دوفاقی هۆکارێتی و پێکهاتەدا، تیۆری (پێکهاتن)ی خستەروو و جەختی کردووەتەوە لەسەر ڕۆڵی هەردوو فاکتەرەکە لە یەک کاتدا و لە دیدی ئەوەوە (مرۆڤەکان وەک بکەرێکی کۆمەڵایەتی هێزی دووبارە بیر لێکردنەوەیان (Reflexivity) هەیە، دواجار بە ئەنجامدانی ئەم کارە لەلایەکەوە چالاکییەکانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا دووبارە پێیان دادەچنەوە و تایبەتمەندییەکانیان دەگۆڕن، لەلایەکی دیکەوە بەم کارەیان توانای کاریگەریی بۆ گۆڕانی دۆخی کۆمەڵایەتییان وەدەستدەخەن(Giddens, 1991 ). (گیدنز) بەدیهاتنی شێوازی ژیان بە بەرهەمی دووبارە بیرلێکردنەوە لە جیهانی مۆدێرنە دەزانێت و ئەم حاڵەتە لە سەدەکانی بەر لە مۆدێرنە و شارستانیەتە کلاسیکەکان هێندە باو نەبووە و بەکارنەبراوە، چونکە بوون بە خاوەنی شێوازە ژیانێک بەندە بەوەی کە تاکەکان لەنێوان بژاردەی جیاواز هەڵبژاردن بکەن . تاک بە هەڵبژاردنی شێوازی ژیانی تایبەت بەخۆی، هەم ناسنامەیەکی پەسەند و دڵخوازی خۆی

پێکدەهێنێت و دەیخاتە بەرچاوی ئەوانی دیکە، هەمیش پێداویستییەکانی ژیانی خۆی دابین دەکات.

بەکورتی، لەم رۆژگارەدا ناسنامە و پێکهاتنی، پرۆسەیەکی دووبارە بیرلێکراوەیە، کە تاک دووبارە بیری لێدەکاتەوە بۆ هەڵبژاردنی شێوازێکی ژیانی تایبەت، بەڵام لەکاتێکدا ئەنجامیدەدات کە لەگەڵ ئەوانی دیکە دا ئامادەیەو لەنێو کۆمەڵگەدا بڕاکتیزی دەکات.بەڵام (بۆردیۆ) بیرمەندی کۆمەڵناسی کە لە بواریی بەکاربردن و شێوازی ژیاندا کاری ناوازەی ئەنجامداون، بۆیە هەر توێژینەوەیەک لەم بارەیەوە ئەنجام بدرێت دەبێت بۆ نووسینەکانی ئەو بگەڕێتەوە . (بۆردیۆ) بەکاربردن بە بنەمایەکی سەرەکی دەزانێت لەم سەدەیەدا و لەوبارەیەوە خوگرتنی تاکەکان لەدروستکردنی شێوازی بەکاربردنەکانیان کاریگەرییەکی زۆری هەیە . ئەو جۆرەکانی سەرمایە دەناسێنێت و لەنێویاندا (سەرمایەی کولتووری، بەواتای بەکاربردنی کولتووری زۆر بە گرنگ دەزانێت، چونکە رەوایەتی بە جیاو ازییە کۆمەڵایەتییەکان دەبەخشێت). گروپە باڵا دەستەکان، پێوەری شێوازی ژیانیان بە گرنگ دەردەخەن و بەم کارەیان پێگە و هەژموونی خۆیان بە یاسایی دەخەنەروو و پارێزگاری لەو پێگەیەیان دەکەن . (بۆردیۆ) شێوازی ژیان بەبەرهەمی نەریتێکی رێکخراو دەزانێت، کە بەهۆی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەو نەریتەدا، درکی پێ دەکرێت و وەک سستمێک لە هێمای لێدێت، کە بەشێوەیەکی سیمبوڵی ناسنامە بە تاک دەبەخشێت و لەنێو گرووپە جیاوازەکاندا، جیاوازی دروست دەکات . کەواتە، نەریت و سەرمایەکانی تاک لە زەمینە جیاوازەکان لەنێو رەوشی کۆمەڵایەتیدا، نموونەی بەکاربردنە، بەوپێیەش شێوازە ژیانێکی تایبەت بۆ تاک و گرووپ دەهێنێتە دی، کە دەبێتە هۆی جیاوازی کۆمەڵایەتی و ناسنامە بەخشین (تاکەکان بەدەستکەوتنی هەموو جۆرە جیاوازەکانی سەرمایە دەست دەکەن بەبەکارهێنانی کولتووری مادی . زۆرینەی خەڵک هەوڵدەدەن بە بەکارهێنانی جۆرێکی دیاریکراوی شمەک و کاڵاکان یان ج ۆرێکی دیاریکراوی پۆشاک ..هتد، گۆڕان و پێگەی چینایەتی خۆیان رابگەیەنن و ناسنامەیەکی چینایەتی و شێوازێکی نوێی ژیان وەدەستبخەن )( ) Bourdieu,1984.هەرچی پۆست مۆدێرنەکانیشن، گۆڕانی پێداویستییە ئابوورییەکان و سەرمایەداری لە بەرهەمهێنانەوە بۆ بەکارهێنان و جەختکردنەو ە لەسەر بەکاربەر، بەیەکێک لە نیشانەکانی پەیدابوونی سەردەمی پۆست مۆدێرنە لەقەڵەم دەدەن و لەسەر ئەم بنەمایەش شێوازی ژیان و بەکاربردن بە گۆڕاوی سەرەکی و کاریگەر هەژمار دەکەن . ئەوان لەوباوەڕەدان لەسەردەمی پۆست مۆدێرنە _تاک_ لەگەڵ کۆمەڵگەیەک تێکەڵ دەبێت و یەکدەگرێت، کە شێوازی ژیانی بەکاربەری یەکجار زۆر بەسەرژیانی تاکەکەنیدا زاڵبووە.( O'Shaughnessy,2002 ).

لایەنە هاوبەش و وێکچووەکانی نێوان بیروبۆچوونی بیرمەندان سەبارەت بە شێوازی ژیان بریتین لە:

١_باوبوون و گرنگبوونی چەمکەکانی بەکاربردن و شێوازی ژیان لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە.

٢_شێوازەکانی ژیان دووبارە بیر لێکراوەن.

٣_فرەچەشنی و بەربڵاوبوونی شێوازەکانی ژیان.

٤_کاریگەری پێگە و پلەوپیەی کۆمەڵایەتی تاکەکان لە هەڵبژاردن و دەستخستنی شێوازەکانی ژیان.

٥_هێنانە ئارای جیاوازی کۆمەڵایەتی و رەوایەتی بەخشین بە شێوازی ژیان.

٦_پێکهێنان و دووبارە پێناسەکردنەوەی ناسنامەی کۆمەڵایەتی لەرێگەی شێوازی ژیانەوە.

٧_شێوازی ژیان بووە جێگرەوەی چینی کۆمەڵایەتی لە پرۆسەی پێکهێنانی ناسنامەدا.

٨_هۆکاری هەڵبژاردن و گۆرانی شێوازەکانی ژیان (شێوازی ژیان، هەڵبژاردنی کەسایەتییە).

**پێنجەم: ئەنجامگیری و راسپاردەکان:**

بەسەرنجدان لە دۆخی نوێ و ئەو گۆڕانانەی لەسەر ئاستی جیهانی و هەرێمیدا هاتوونەتە ئاراوە، گومانی تێدا

نییە دیاردەیەکی وەک شێوازی ژیانیش بەدەر نەبوە لەو گۆرانانە و لەژێرکاریگەری پرۆسە مۆدێرنەکان، لایەن و شێوەی جۆراوجۆر و جیاوازی گرتووەتەخۆ . لەراستیدا؛ لەگەڵ بەکۆتاهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم گرنگی بەکاربردن و شێوازی ژیان لەناکاو زیادیانکرد و لەلایەن زانایانی بوارە جیاوازەکان بایەخێکی زۆری پێدراوە و توێژینەوەگەلێکی بەرفراوان و یەکجار زۆر دەربارەی شێوازی ژیان کرا . کۆمەڵناسان سەبارەت بە بەکاربردن و شێوازی ژیان، بەشێوەیەکی کارا و کاریگەر هاتنە مەیدان و گەلێک جیاوازییان خستووەتە روو، لەوانە بابەتگەلی وەک ناسنامە، دروستبوونی جیاوازی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکان، خۆدەربازکردن لە بەربەستە تەقلیدییەکان و پێکهاتەی ژیان، لایەنگریکردنی رەوش و پرۆسە زاڵەکان بەسەر جیهان و تەنانەت رووبەروبونەوە لەگەڵ بەجیهانبوون...هتد.

هۆکارێکی دیکەی گرنگیدان بە بابەتی شێوازی ژیان بۆ بایەخدان بەم چەمکە دەگەڕێتەوە؛ شێوازی ژیان وەک هۆیەکی دروستکەری ناسنامەی تاک لەبەرچاو گیراو و جەختکردنەوەی بیرمەندان لەسەر لاوازی گۆڕاوەکانی کە بەکاردێن بۆ جیاکردنەوە و خوێندنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی مۆدێرنەدا، گرنگی بەکاربردن و شێوازی ژیان وەک ئەو گۆڕاوانەی کە زیاتر دەتوانرێت دووبارە بیریان لێ بکرێتەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی توێژینەوە لە بابەتی شێوازی ژیان زیاتر بکرێت . هەڵبژاردنی هەر شێوازێکی ژیان، نموونەکان، یاساکان، چالاکییەکان و بیرکردنەوەکان و بەشێوەیەکی گشتی ناسنامەی تاک پێکدەهێنن، کە ئەو لەوکەسانەی شێوازێکی دیکەی ژیان هەڵدەبژێرن، جیادەکاتەوە . جیهانی مۆدێرن و نیشانە و گۆرانەکانی وەک پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی تەکنۆلۆژی و پەی وەندییەکان و سەرنج وتێڕوانینی تایبەتی توێژە جیاوازەکان بۆ ئەم پرۆسەیە لە پێکهێنانی شێوازە جیاوازەکانی ژیان و لەسەر ئەم بنەمایەش پێکهاتنی ناسنامەگەلێکی گونجاو لەگەڵ شێوازەکانی ژیان، کاریگەرییەکی بەرفراوان و بەرچاوی هەیە؛ چونکە فرەچەشنی لە شێوازەکانی ژیاندا، بەرهەمی دنیای مۆدێرنەیە یان کۆمەڵگەیەک کە لەژێر کاریگەری مۆدێرنەدایە. هەروەها لەبەرئەوەی ئەم گۆڕاوە بەشێوەیەکی رێژەیی نوێیە، بۆیە پێویستە توێژینەوەی زیاتر و زۆرتری لەبارەوە بکرێت لە بوارە جیاوازەکان، بەتایبەت لەبواری کۆمەڵناسیدا، چونکە لەرووی تیۆری کۆمەڵا یەتییەوە تیۆرەوانی زۆر کاریان لەسەر کردوە نمونەی (زیمڵ، ڤیبەر، بۆردیۆ، گیدنز )، دەکرێت سوود لەم تیۆریانە وەربگیرێن بۆ زیاتر و باشتر تاوتوێکردنی دیاردەکان و پەیوەندی نێوان دیاردەکۆمەڵایەتییەکان.

**سەرچاوەکان:**

## References

Arslan, Z. (2011). Urban Middle Class, Lifestyle and Taste in Keçiören and Çankaya, Ankara: Distinction through Home Furniture and, Furnishing and Decoration. *Basılmamış doktora tezi). Orta Doğu Teknik Üniversitesi/Sosyal Bilimler Enstitüsü, Ankara.*

Atkinson, W.(2007). Anthony Giddens as adversary of class analysis. *Sociology*, *41*(3), pp.533-549.

Barber, B.R.(1995). Jihad versus McWorld: How globalism and tribalism are reshaping the world. *Tarmans Bokk: New York.*

Baudrillard, J.(2016). *The consumer society: Myths and structures.* Sage.

Bell, W., 1958. Social choice, life styles, and suburban residence. *The suburban community*, *234*.

Bendix, Reinhard.(2000).*Max Weber: an Intellectual Portrait.*Translation to Persian: Mahmud Ramyd, tahran: her ms.

Blasius, J. and Friedrichs, J.(2008). Lifestyles in distressed neighborhoods: A test of Bourdieu's "taste of necessity" hypothesis. *Poetics*, *36*(1), pp.24-44.

Blaxter, M.,(2003). *Health and lifestyles*. Routledge.

Blokland, T. and Van Eijk, G. (2010). Do people who like diversity practice diversity in neighbourhood life? Neighbourhood use and the social networks of 'diversity-seekers' in a mixed neighbourhood in the Netherlands. *Journal of Ethnic and Migration Studies*, *36*(2), pp.313-332.

Bocock, R. (2008). *Consumption*. Routledge.

Bocock, R. and Thompson, K. eds.( 1992). *Social and cultural forms of modernity.*Cambridge: Polity press.

Bögenhold, D.(2001). Social inequality and the sociology of life style: material and cultural aspects of social stratification. *American Journal of Economics and Sociology*, *60*(4), pp.829-847

Bootsma, H.G.(1995). The influence of a work-oriented life style on residential location choice of couples. *Journal of Housing and the Built Environment*, *10*(1), pp.45-63.

Bourdieu, P. (1984). *Distinction: A social critique of the judgement of taste*. Harvard university press.

Bourdieu, P. (1998). *Practical reason: On the theory of action.* Stanford University Press.

Chan, C.W. and Leung, S.F., (2015). Lifestyle health behaviors of Hong Kong Chinese: results of a cluster analysis. *Asia Pacific Journal of Public Health*, *27*(3), pp.293-302.

Chawshyan, Hassan.(1996*). Lifestyle and Social Identity.*Tahran: Neshrny.

Evans, D. and Jackson, T.D.,( 2007). Towards a sociology of sustainable lifestyles. *RESOLVE Working Paper Series*, *3*.

Fazly, Muhamad.(1997).*Counsamption and Lifstyle,*Tahran: qwm.

Featherstone, M. (1995). *Undoing culture: Globalization, postmodernism and identity* (Vol. 39). Sage.

Filipcová, B., Glyptis, S. and Tokarski, W. eds.(1989). *Life styles: Theories, concepts, methods and results of life style research in international perspective.*Institute for Philosophy and Sociology of the Czechoslovak Academy of Sciences.

Galobardes, B., Costanza, M.C., Bernstein, M.S., Delhumeau, C. and Morabia, A.,( 2003). Trends in risk factors for lifestyle-related diseases by socioeconomic position in

Geneva, Switzerland, 1993–2000: health inequalities persist. *American journal of public health*, *93*(8), pp.1302-1309.

Gibbins, J.R. and Reimer, B., (1999). *The politics of postmodernity: An introduction to contemporary politics and culture*.Sage.

Giddens, A.(1991). *Modernity and self-identity: Self and society in the late modern age*. Stanford university press.

Hall, A.(2004). Local and global, globalization and ethnicity (B. Barkat, Trans.). *Organon: Philosophical, Literary and Cultural Quarterly, 24,* pp.239-262.

Heijs, W., Carton, M., Smeets, J. and Van Gemert, A.(2009). The labyrinth of life-styles. *Journal of Housing and the Built Environment*, *24*(3), pp.347-356.

Heiman, A., Just, D.R. and Zilberman, D.(2000). The role of socioeconomic factors and lifestyle variables in attitude and the demand for genetically modified foods. *Journal of Agribusiness*, *18*(3), pp.249-260.

Horton, P.B., Hunt, C.L.(1984): Sociology. McGraw-Hill Higher Education, New York

Jensen, M.( 2007). Defining lifestyle. *Environmental sciences*, *4*(2), pp.63-73.

Jensen, M.( 2009). Lifestyle: suggesting mechanisms and a definition from a cognitive science perspective. *Environment, development and sustainability, 11*(1), pp.215-228.

Miles, S.,( 2001). *Social theory in the real world*. Sage.

Milligan, R.A., Burke, V., Dunbar, D.L., Spencer, M., Balde, E., Beilin, L.J. and Gracey, M.P.(1997). Associations between lifestyle and cardiovascular risk factors in 18-year-old Australians. *Journal of Adolescent Health*, *21(*3), pp.186-195.

Mitchell, A.(1983). *The nine American lifestyles: Who we are and where we're going*. Scribner Book Company.

Mohammadpur, A. and Mahmoodi, K.(2016). Lifestyle and identity in contemporary Iranian Kurdistan (a grounded study of Marivan City). *Quality & Quantity*, *50*(5), pp.1907-1928.

Pisman, A.( 2007). Lifestyles as Centrifugal and Centripetal Forces in the Polycentric Network City of Flanders. In *International Conference on New Concepts and Approaches for Urban and Regional Policy and Planning, Leuven 2-3/4/2007 papers.*

Ritzer, G.(2000). *Modern sociological theory*, 5th edition. McGraw-Hill

Rössel, J.(2007). Conditions for the explanatory power of life styles. *European Sociological Review, 24*(2), pp.231-241.

Scheiner, J. and Kasper, B.(2005). A lifestyles approach to investigating residential mobility and travel behaviour. *Spatial planning, urban form and sustainable transport*,pp.42-60.

Shasty, Shimaand Flamky, Mohamad.(2009).*Relations btween Lifestyle and Housing in Iran*, Journal of Social Saences, Vol.6, NO.3.

Southerton, D.(2001). Consuming kitchens: taste, context and identity formation. *Journal of Consumer Culture, 1*(2), pp.179-203.

Steven Seidman.(2004).*The struggle of Sociology*.Translation to Persian: Hady Jalil, Tahtan: Harms.

Stevenson, N.(2002). *Understanding media cultures: Social theory and mass communication*.Sage.

Swartz, D.(2012). *Culture and power: The sociology of Pierre Bourdieu*. University of Chicago Press.

Tolonen, T.(2013). Youth cultures, lifestyles and social class in Finnish contexts. *Young, 21*(1), pp.55-75.

Tomlinson, M. (2003). Lifestyle and social class. *European Sociological Review, 19*(1), pp.97-111.

Turner, B.S. (2006). *The Cambridge Dictionary of Sociology*. Cambridge university press.

Veblen, T.(2007). *Theory of the Leisure Class (Oxford world's classics).*Transaction Publishers.

Walters, G.D.( 2006). *Lifestyle theory: Past*, *present*, *and future*. Nova Publishers.